مستەفا هیجری- سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

# زانیاری زۆر وردمان لەبەر دەستدایە لەبارەی ئەو شوێنانەی کە لەئێران ئەندامانی قاعیدەو ئەنسارولئیسلامی لێ پەروەردە دەکرێن

## پارتیو یەکێتی هیچ یارمەتییەکی دارایی ئێمە نادەن هەرچەندە داواشمان لێکردوون



**تایبەت بەمیدیا/** مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەیەکەمین هەڤپەیڤینی درێژی ڕۆژنامەڤانیدا دوای دەرچوونی بەسکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات لەکۆنگرەی ١٣دا ڕایگەیاند کەوا بەتوندی ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن ژمارەیەك لەئەندامانی حیزبی دیموکرات دوای کۆنگرە لەحیزبی دیموکرات دوورکەوتونەتەوە. هەروەها گوتی ئەوان پەیوەندیەکی هاوسەنگیان لەگەڵ پارتیو یەکێتیدا هەیەو ئەو پەیوەندییە بەو شێوەیە دەپارێزن.

لەبارەی شێوازەکانی خەباتی حیزبی دیموکراتیش دەڵێ ئێمە بەکردەیی خەباتی چەکداریمان ڕاگرتووەو بایەخ بەرێکخستنی جەماوەرو ئەندامانیانو خەباتی دیپلۆماسی دەدەن لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکانو ئەمریکاو گوتی لەمێژە لەئاستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە پەیوەندیان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە.

هەروەها لەبارەی هەوڵەکانی ڕژێمی ئێران بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ حیزبەکەیان گوتی دوای تەواو بوونی کۆنگرە کۆماری ئیسلامی ئێران لەدوو سێ کەناڵەوە داوای گفتوگۆی لەئێمە کردووەو ئێمە گفتوگۆ ڕەتناکەینەوە، بەڵام دەبێ گفتوگۆکان بەشێوەیەکی ئاشکراو بەچاودێری UN یان وڵاتێکی ئەوروپی بێتو ئامادەنین جارێکی دیکە تەجروبەی تاڵی گفتوگۆی نهێنی دووبارە بکەینەوە. هەروەها گوتی ئەو هەوڵانەی ئێران بۆ گفتوگۆ جیدی نینو تەنیا بۆ چەواشەکردنی دەرەوەیە. لەهەمانکاتدا باوەڕمەندی خۆی بەڕووخانو نەمانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستای جیهاندا ڕاگەیاند.

سەبارەت بەدەستهەبوونی ڕژێمی ئێران لەکارە تیرۆریستییەکانیدا لەعێراقو باشووری کوردستان گوتی زانیاری وردمان لەبەردەستدایە لەبارەی شوێنی پەروەردە کردنی ئەندامانی قاعیدەو ئەنسارولئیسلام لەئێران.

بۆ دەقی هەڤپەیڤینەکە بڕوانە لاپەڕە (٧).

### مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

# لەدوای کۆنگرەکەمان کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە لەو ماوەیەدا داوای گفتوگۆی لە ئێمە کردووە، ئێمەش ئامادەین بۆ گفتوگۆ بەڵام بەپێی چەند بنەمایەك




*** دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام و دراوسێیەتی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و توندتر بوونی لێدوانەکانی نێوان ئەمریکاو ئێران ڕەوشی ئێران چۆن دەبینن؟**

– ئەو ڕەوتە ئاڵوگۆڕەی کە لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستیپێکردووەو بەتایبەتی دوای گەڵاڵەی خاوەرمیانەی گەورە کە ئەمریکا لەو ئاخیرەدا بەپەسەندی هەشت وڵاتە پیشەسازییە گەورەکەی دنیا ڕایگەیاندووە، واوێدەچێ کە ئەمریکا لەفکری ئاڵوگۆڕێکی قووڵی ناوچەکە دایە کە ئەو حکومەتە توتالیتێرو مەرکەزیانەی کە دیکتاتۆری پەیڕەو دەکەن و مافی مرۆڤو دیموکراسی و ئازادی پێشێلدەکەن بەحکومەتی دیموکراتی بگۆڕن بۆ ئەوەی ئارامی و ئازادی و بەختەوەری بۆ خەڵکی ناوچەکە دابینبکرێ. بێگومان ئەو پرۆسەیەش کارو تێکۆشانی زۆری دەوێ، چونکە ناوچەکە ناوچەیەکە تاوەکو ئێستا تەمرینی دیموکراسی تێدا نەکراوەو خەڵکەکەی جۆری ئەو حکومەتانەی کە دیویەتی تەنیا حکومەتە دیکتاتۆری و تۆتالیتێرەکان بوونە. بەڵام دیارە ئەمریکا هەوڵی خۆی دەدا. دیتمان ئەو پرۆسەیە سەرەتا بەڕووخانی حکومەتی تالیبانی ئەفغانستان دەستیپێکردو ئینجا حکومەتی دیکتاتۆری سەددام حوسێن ڕووخێندرا، بێگومان بۆ ئەو شێوە حکومەتانەی لەناوچەکەدا هەن فکری ئاڵوگۆڕ هەیە، یەك لەو حکومەتانەش حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بەڵام شەرت نییە ئاڵوگۆڕەکە بەیەك شێوە ئەنجامبدرێ، مەبەستم ئەوەیە شەرت نییە هەموویان بەهێزی سەربازی ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکبێت، چونکە جۆری حکومەتەکان و ڕادەی هوشیاری خەڵکەکان جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتری. من لەو بڕوایەدام کە ئەمریکا لێبڕاوانە تێبکۆشێ بۆ ئەوەی یارمەتی هێزە دیموکرات و ئازادیخوازەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بدا، لەئێراندا جوڵانەوەیەکی ڕووناکبیری و ئازادیخوازانەی واهەیە کە بتوانێ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێنێ. بۆیە من پێموایە ئاڵوگۆڕی سیستەمی حوکم لەئێرانیشیدا حەتمەن وەکو ئەفغانستان و عێراق ڕوودەدات، چونکە هەم لەنێوخۆدا خەڵك لێی نارازییە، هەمیش لەدەرەوە حکومەتی ئێران لەماوەی ٢٥ ساڵی حوکمیدا نەیتوانیوە خۆی دەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دنیادا بگونجێنێ بەتایبەتی لەو دواییانەدا لەمەسەلەی چەکی ئەتۆمی و دەستتێوەردان لەکاروباری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەدا بەتایبەتی لەوەزعییەتی عێراق و فەلەستیندا، ئەمانە هەموویان دنیایان یەککگرتووتر کردووە بەنیسبەت بڕیاردان لەبارەی گۆڕینی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەحکومەتێکی دیموکراتی گەلی.

*** لەو ماوەیەدا هیچ هاتنە پێشێکی ئەمریکا هەبوو لەحیزبی دیموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی؟**

– ئێمە وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەمێژ ساڵە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە لەئاستی وەزارەتی کاروباری دەرەوەو هەندێك شوێنی دیکەی ئەمریکا، بەڵام ئایا ئەمریکا لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاوپێکەوتنی بووە یان نەبووە ئاگادارنیم لەو بارەوەو ناتوانم شتێك بڵێم، بەڵام دوای ڕووخانی حکومەتی سەددام و نزیکبوونەوەی زیاتری ئەمریکا لەسنووری ئێران پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەگۆڕێ نییە بەهۆی تەمەرکوزی ئەمریکا لەسەر ئارامکردنەوەی وەزعییەتی عێراق. لەو بڕوایەدام دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخی عێراق ئەمریکا زیاتر لە هەر حکومەتێك تەمەرکوز بکاتە سەر ئێران کە لەهەموو حکومەتەکانی دیکە لەو ئاڵوگۆڕەی لەعێراقدا هاتۆتە پێشێ نارەحەتە. بەپێی هەواڵە دروستەکان ئێران بەهەموو توانای خۆیەوە دەست لەکاروباری نێوخۆی عێراق وەردەدا، ئەویش بەناردنی تیرۆریست و تەقاندنەوە، وەکو ئەو عەمەلیاتە خۆکوژیانەی کە بەشێکیان لەژێر ڕێنوێنی و چاودێری ئێراندان و زانیاری وردو دروست لەو بارەوە لەبەردەستدان، چونکە ئێران لەوە دەترسێ کە ئەگەر بارودۆخی عێراق ئارامی بەخۆیەوە ببینێ ئەمریکا زیاتر بیر لە ئاڵوگۆڕەی دەسەڵات لەئێران دەکاتەوە.

*** لەو ماوەیەی دواییدا هیچ چاوپێکەوتنێك لەنێوان حیزبی دیموکرات و ئەمریکادا هەبووە؟**

– ئێمە چاوپێکەوتنی ڕێکوپێکمان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەیە، بەڵام لەواشنتۆن نەك لە مەنتیقە.

*** دەڵێن دوای ڕووخانی ڕژێم نوێنەرێکی حیزبی دیموکرات لەگەڵ شاندێکی سەربازی ئەمریکا ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێرانی بەسەر کردۆتەوە، ئەوە ڕاستە؟**

– نەخێر شتێکی وانەبووەو هیچ نوێنەرێکی حیزبی دیموکرات لەگەڵ هەیئەتی ئەمریکا نەچووەتە ناوچە سنوورییەکان.

*** با بێینە سەر باسی دوایین ئەنجامەکانی کۆنگرەکەتان. گرنگترین ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیەتان چ بوون؟**

– بێجگە لەڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی کە پێشکێش بەکۆنگرە کراو لەوێدا زۆر مەسەلەی سیاسی جیهان و ئێران و کوردستانی بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی باسی لێکرابوو، دەتوانم بەکورتی عەرزتان بکەم مەسەلەیەکی گرنگ لەئاکامی کۆنگرەکە بریتی بوو لەمەسەلەی گۆڕینی دروشمی حیزبی دیموکرات لەخودموختارییەوە بۆ فیدرالی. بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەی لەجیهان و ناوچەکەدا هاتۆتە پێشێ پێش کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندیمان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە کاتی گۆڕینی دروشمەکەمان هاتووە، بۆیە زەمینەی بۆ ئامادەکراو پێشنیارەکە پێشکەش کۆنگرە کراو دوای گفتوگۆیەکی زۆر بەزۆربەی زۆری دەنگەکانەوە لەکۆنگرەدا پەسەند کراو ئێستا دروشمی ئێمە بووەتە فیدرالیزم بۆ ئێران. مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ مەسەلەی ئاڵای کوردستان بوو کە بۆ خۆتان دەزانن حیزبی دیموکرات میراتگری کۆماری کوردستانەو ئەوەڵجار ئەو ئاڵای کوردستانی بەشێوەی ڕەسمی لەحکومەتێکی ڕەسمیدا هەڵداوە بۆیە حیزبی دیموکرات خاوەنی ئاڵای کوردستانە. بەڵام بەهۆی وەزعییەتێك کە حیزبەکەمان و ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان تێیدا بوو لەوەی لەدووره وڵاتی بووەو لەسەر خاکی خۆمان نەبووین ئێمە ئیقدامامان بەهەڵدانی ئەو ئاڵایە نەکردووە، بەڵام لەو کۆنگرەیەدا جارێکی دیکە ئەوە پەسەند کراوە کە حیزبی دیموکرات لەشوێنی کارەکانی و لە بۆنەو مەراسیمە ڕەسمییەکاندا ئاڵای کوردستان هەڵبدا، ئاڵا سێ ڕەنگەکەی کۆمار بەو نیشانانەی کە لەپارلەمانی کوردستانی عێراقدا پەسەند کراوە. ئەوەش بێجگە لەوەی هەنگاوێکە بەرەو پێش، پێمان وابێ هەنگاویکیشە بەرەو لێکترنزیکبوونەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، چونکە ئێستا مەسەلەی ئاڵا مەسەلەیەکە بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە کوردییەکانی پارچە جیاوازەکان لەسەری ڕێککەوتوون و ئەو ئاڵایەیان پەسەند کردووەو هەڵیدەدەن، ئێمەش ویستمان ئەو هەماهەنگییە بکەین کە هەنگاوێکمان بەرەو پێش نابێ بەرەو نزیکبوونەوە لەبەشەکانی دیکەی کوردستان.

*** ئێوە ئاڵایەکە لەسەر بارەگەکانتان هەڵنادەن؟**

– نەخێر لەسەر بارەگاکانمان هەڵینادەین چونکە وەکو عەرزم کردی ئێمە بارەگاکانمان لەسەر خاکی وڵاتی خۆمان نییە، بۆیە فەقەت لەشوێنی کارەکانمان دا هەڵیدەدەین.

*** بۆچی ئێوە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەخاك و وڵاتی خۆتان دانانێن؟**

– تەبیعەتەن کورد یەك میللەتەو کوردستانیش یەك خاکە، بەڵام بمانەوێ یان نەمانەوێ واقعیەتێکی سیاسی ئەمڕۆ لەدنیادا هەیە کە ئەو کوردستانە دابەشکراوەو هەر حکومەتێك بەشێك لەکوردستانی داگیرکردووە، ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئێمە ئیعتراف بەوە بکەین یان نا چونکە بەشێوەی عەمەلی ئەو دابەشکردنە هەیەو ئێمە هەر بەشێکمان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێك دایە.

*** قەناعەتی گۆڕینی دروشمی ٥٨ ساڵەی خۆتان چۆن لا گەڵاڵە بوو؟**

– بەو شێوەیە لامان گەڵاڵە بوو کە ئێمە کاتێك دروشمی خودموختاریمان هەڵگرت وەزعییەتی دنیا وەزعییەتێکی دوو قوتبی بوو، واتە بەرەی کۆمۆنیست و بەرەی سەرمایەدار، لەو دوو قوتبییەدا هەر لایەك بۆ زۆرتر پەرەپێدانی نفوزو دەسەڵاتی خۆی لەجیهاندا حکومەتە لایەنگرەکانی خۆیان تەقویەتکردووەو لەو تەقوییەتکردنەشدا گەلانی ژێر دەست ئاوڕیان لێنەدەدرایەوە بەڵکو زۆر جاریش هەر بەچەکی ئەوان گەلانی ژێردەست سەرکوتکراون. دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت وەزعییەتێکی تازە لەجیهاندا دروستبوو کە ئەو حکومەتانەی کوردستانیان تێدا دابەشکراوە ناتوانن وەکو ڕابردوو بەهەر جۆرێك کە بۆ خۆیان پێیان خۆشبێ کورد سەرکوتبکەن بێ ئەوەی دەنگی بەدونیا بگات، ئەگەر پێشتر قانوونی ئەوە هەبووبێ کە هەر وڵاتێك سەروەری خۆی هەیەو هیچ وڵاتێك نابێ تەدەخولی تێدا بکا، ئێستا ئەو تەدەخول و دەستکاریکردنە وەکو وەزیفەی لێهاتووە، ئێستا هیچ وڵاتێك ناتوانێ بەکەیفی خۆی خەڵکەکەی سەرکوتبکاو دنیاش لێیبێدەنگ بێ. ئێمە نمونەی ئەو دەخالەتە عادلانەیەمان لە یۆگسلاوی و ئەفغانستان و لەکاتی داگیرکاری عێراق بۆ کوێت و لەکاتی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام دا چاوپێکەوت. بەو جۆرە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ناتوانێ وەکو پێشوو خەڵك سەرکوتبکا کە دەنگی بەهیچ جێگایەکیش نەگات، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا هێندێ خەڵك بەهۆی دەمارگرژی مەزهەبی و قەومی بەرگریان لەکۆماری ئیسلامی دەکرد بەرامبەر هەموو دەنگێکی هەقخوازی وەك گەلی کوردو گەلانی دیکەوە ئێستا ئەوەش گۆڕاوەو ئێستا لەنێو نەتەوەکانی دیکە کە پێکهاتەی ئێرانیان لێپێکدێ وەکو عەرەبەکان و بەلوچەکان و تورکەکان و تورکمانەکان هەستی نەتەوەیی زۆر بەرزبووەتەوەو ئەوانەش داوای مافی نەتەوایەتی خۆیان دەکەن. هەروەها دەبینین مەسەلەی دیاریکردنی مافی چارەنووس لەو سەردەمەدا بووەتە بەرنامەو پرۆگرامی هەموو گەلانی بندەست و ئەوەش لەلایەن دنیاوە پێشوازی لێدەکرێ. بۆیە بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئیشارەم پێکرد بەو قەناعەتە گەیشتین کە لەدەورانی خۆیدا خودموختاری یەکێك لەدروشمە باش و موناسیبەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووەو لەهەندێك بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراویش واتە ئەو دروشمە لەئارادا بووە، بەڵام ئێستا بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەدنیادا بەقازانجی بەرەی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری چووەتە پێشێ وەختێتی کە ئێمە دروشمەکەمان بگۆڕین بەفیدرالی.

*** هیچ فشارێکی جەماوەریتان لەسەر بوو بۆ گۆڕینی دروشمەکەتان؟**

– بەڵێ تەبیعەتەن بەشێکی زۆر لەخەڵکەکە داوای دەکرد، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نییە کە ئێمە لەژێر داواو فشاری خەڵك دروشمەکەمان گۆڕیبێ، چونکە زۆر جار خەڵك لەڕووی ئیحساسات و عواتفەوە قسە دەکەن و دروشم و بڕیار دەدەن، بەڵام هێزێکی سیاسی مەسئول حەق وایە هەموو لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییە سیاسییەکان لەبەرچاو بگرێ، بۆ ئەوەی بەلێکدانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕانە دروشمی موناسیب لەکاتی خۆیدا دیاری بکا.

*** هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەرامبەر ئەو دروشم گۆڕینەتان چبووە؟**

– ئەوەی من بزانم بێجگە لەیەك لایەن کە ئەویش جەبهەی میللییەو هێزێکی نەتەوەپەرستی فارسەو ٤٠ ساڵ لەوەوپێش دامەزراوەو دژی هەر جۆرە مافخوازییەکی نەتەوەکانی دیکەیەو هەر جۆرە مافخوازییەکی نەتەوەکانی دیکە بەجودابوونەوە دادەنێ، هیچ هێزێکی دیکە دژایەتی بەرامبەر ئەو دروشم گۆڕینە نیشان نەداوە، بەڵکو زانیاریمان هەیە کە ڕێکخراوەکانی دیکەی نەتەوەکانی دیکە پێشوازیان لەو دروشم گۆڕین و داخوازییەی ئێمە کردووە، بێجگە لەوەی کە خودی خەڵکی کورد بەگشتی و بەشێکی زۆر لە نەتەوەکانی دیکە پێشوازی باشیان لەو ئاڵوگۆڕە کردووە.

*** بەو پێیەی کە مستەفا هیجری وەك کەسێکی توندتر لەوانی دیکە لەنێو خەڵکدا ناسراوەو بەپێی گفتوگۆیەکانی کۆنگرەکەتان چ بڕیارێکتان لەبارەی شەڕی چەکدارییەوە دا؟**

– بڕیاری ئێمە وەکو حیزبێکی سیاسی بڕیارێکی دەستە جەمعییە نەك فەردی، ئەفەرێك دەتوانێ کاریگەری هەبێ، بەڵام ناتوانێ بەتەنیا بڕیار بدات ئەگەر لەئاستی سکرتێری حیزبیشدا بێ، بەتایبەتی لەمەسەلە گرنگەکاندا پێویستە نەك دەفتەری سیاسی بەڵکو کۆمیتەی ناوەندی پەسەندی بکات. لەلایەکی دیکەوە مەسەلە ئەوەش نییە کە ئایا من شەڕی چەکداریم پێ باشە یان خراپە، بێگومان هەر جۆرە خەبات و تێکۆشانێك دەورانی خۆی هەیە پێموابێ زەمانێك کە ئێمە شەڕی چەکداری و پێشمەرگایەتیمان لەنێو کوردستانی ئێران دا دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە دەبرد زۆر باش و ڕێکوپێکمان دەبردە پێشێ و کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لەکوردستانی ئێران و لەسەر وشیاری خەڵك و بردنەسەری هەستی نەتەوایەتی خەڵك هەبوو، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە شەڕی چەکداری ئێستا ئەو کاریگەرییەی هەبێ کە لەڕابردوودا هەیبوو. ئێمە ئێستا زیاتر بایەخ و تەمەرکوزمان لەسەر تێکۆشانی سیاسی و دیپلۆماسی و تەشکیلاتی نێوخۆی ئێرانە، ئێمە هەوڵدەدەین خەڵکەکەمان ئۆرگانیزە بکەین و ڕێکخستنێکی بەهێز پێکبێنین و لەو بارەوە باش چووینەتە پێش، لەباری تەبلیغاتیشەوە بتوانین دەنگی خۆمان بەگەلانی دیکەی ئێران بگەیێنین بەتایبەتی مەسەلەی فیدرالیزم کە داخوازی مافی نەتەوەیی بۆ هەموو گەلانی دیکەی ئێرانەو لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی دیپلۆماسی لەدەرەوە دەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاو دەگەڵ دۆستانمان کە دەتوانن لەپەیوەندی دەگەڵ خەبات دەگەڵ ئێرانێدا یارمەتیمان بدەن. گرنگە بیرو بۆچوونەکانمان زیاتر دەگەڵ ئەواندا ڕوونبکەینەوەو پێشێلکارییەکانی ئێران بەرامبەر ئازادی و دیموکراسی زیاتر ڕوونبکەینەوەو لەو پەیوەندییەیدا دۆستی زیاتر بۆ خۆمان پەیدا بکەین. لەبارەی پەیوەندی دەگەڵ کوردەکانی بەشەکانی کوردستان و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ناوچەکەدا پەیوەندییەکی باش و ڕێکوپێکمان پێکهێناوە. ئەوە ئێستا بووەتە مەیدانی خەباتی ئێمە، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نییە کە وازمان لەهێزی پێشمەرگە هێنابێ، بەڵکو ئێمە هێزی پێشمەرگەمان هەیەو پێشمەرگەمان تەمرین دەکا.

*** ئایا ئێستا پێشمەرگە وەردەگرن؟**

– بەڵێ ئێستاش پێشمەرگە وەردەگرین.

*** ئەگەر کەسەکە خێزانداریش بێ؟**

– نەخێر، هێندێك مەرجی تایبەتیمان هەیە بۆ وەرگرتنی پێشمەرگە، بەڵام بەهەر حاڵ پێشمەرگە وەردەگرین، بەڵام ئەگەر ڕۆژێك حیزبەکەمان بەقازانجی زانی کەڵکی لێوەردەگرین.

*** ژمارەی هێزی پێشمەرگەتان چەندە؟**

– ئەوە ئیدی پێموابێ شتێك نییە کە پیاو باسی بکا.

*** بەپێی قسەکانتان بەشێوەیەکی کردەیی شەڕی چەکداریتان وەستاندووە؟**

– بەڵێ ئێستا بەشێوەی کردەیی ئەو شەڕەمان وەستاندووە، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە سەرکردایەتییەکەمان لەکوردستانی عێراقدا نیشتەجێبووەو هێزەکانی سەددام لەکوردستانی عێراقدا نەمان و کوردەکان بەخۆیان دەسەڵاتی خۆیان بەچنگ هێناو لەو کاتەوە کە شەڕی چەکداری ئێمە بوو بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی کورد لەکوردستانی عێراقدا بکەوێتە ژێر مەترسی حکومەتی ئێران و بۆ ئەوەی قازانج و بەرژەوەندی گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا نەکەوێتە ژێر مەترسییەوە ئێمە حەرەکەتی چەکداری خۆمان لەکوردستانی ئێراندا ڕاگرتووە، چونکە هەروەك پێشتریش عەرزم کردی کورد یەك نەتەوەو کوردستانیش یەك خاکە بۆیە لەهەر کوێیەکی ئەو خاکە دابەشکراوەدا بەرژەوەندی گەل بێتەدی بەرژەوەندی هەمووشمانەو هەروەك چۆن زیانەکەشی بۆ هەموومانە. جا بۆیە ئێمە پێمانوابوو کە ئاڵوگۆڕێکی باش لەکوردستانی عێراق و عێراقدا هاتۆتە پێش کورد لەو بەشەدا، لانی کەم بەبەشێك لەمافەکانی گەیشتووە بۆیە ئێمە لەسەرمان

## ئێمە لەمێژە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا هەیە

واجبە بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە کە بەشی ئێمەی کوردی ئێرانیشی تێدایەو قازانجی بەشەکانی دیکەشی تێدایە دەبێ ڕیعایەتی وەزعیان بکەین، بۆیە ئێمە حەرەکەتی چەکداریمان لەکوردستانی عێراقدا ڕاگرتووە، یەعنی پێشمەرگەمان لێرەوە نانێرینەوە لەوێ کاری چەکداری بکا.

*** لەبارەی کوردستانیبوون و ئێرانیبوونەوە وتەیەکی نێوداری د.قاسملو هەیە کە د.شەرەفکەندیش هەمیشە دووبارەی دەکردەوە کە دەڵێ: (تەحەددای هەر کەسێك دەکەین کە خۆی لەئێمە بەئێرانیتر بزانێ). ئایا ئێوەش بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە؟**

– من پێشتریش گوتم کە ئێمە بەبێ ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشبێ بەشێوەی عەمەلی دابەشکراوین. ئێمە ئێستا کوردی ئێرانین و ئەوەی کە لەکوردستانی عێراقدا دەژی کوردی عێراقییەو لەباری سیاسییەوە ناکرێ خۆی بەعێراقی نەزانێ، بۆیە ئێمە ناتوانین لەئێراندا بژین و خۆشمان بەئێرانی نەزانین. ئەمە واقعێکە بەسەرماندا سەپاوە پێمان خۆشبێ یان نا وایە. بۆیە بەو پێییە لەڕووی سیاسییەوە بەڵێ تەبیعەتەن ئێمە کوردی ئێرانین و خۆمان بەئێرانی دەزانین. بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوە بەو مەعنایە نییە کە خۆشمان بەکوردستانی نەزانین. بەڵێ ئێرانین دە هەمان حاڵدا کوردیشن، کورد بەمەعنای بەرینی خۆیەوە.

*** دوای تەواو بوونی کۆنگرەکەتان دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە هەندێ لەئەندامانی حیزبی دیموکرات لەحیزب دوورکەوتوونەتەوەو هەر لەو پێوەندییەدا ناوی حوسێنی مەدەنیش دەهێندرێ. ئایا ئەوە ڕاستە؟**

– نەخێر من ئەو شایعاتە بەتەواوی ڕەددەکەمەوەو تەنانەت یەك نەفەریش لەحیزب دوورنەکەوتۆتەوە. بەڵام بەپێی تەبیعەتی کاری کۆنگرەکانی ئێمە کە هەمیشە دێتە پێشێ بەپێی دەنگدانی ئەندامانی کۆنگرە هێندێ ئاڵوگۆڕ لەئەندامانی سەرکردایەتیدا ڕوودەدا، لەو کۆنگرەیەش دا هەر شتێکی ئاوابوو، هێندێك لەئەندامانی سەرکردایەتی پێشوومان دەنگیان نەهێناوەو هێندێکی دیکەی تازە هاتوونەتە مەیدان، بەڵام هیچ کام لەوانەی دەنگیشیان نەهێناوەتەوە لەحیزب دوورنەکەوتوونەتەوەو هەر لەحیزب دا ماون و ئەرکی خۆیان بەڕێوەدەبەن.

*** ئەی چ دەڵێی بەرامبەر ئەو بیروڕایەی کە هەندێ کەس باسیدەکەن کە مستەفای هیجری جیاواز لە سکرتێرەکانی پێشووی حیزبی دیموکرات زیاتر لەوەی لەیەکێتییەوە نزیکبێ لەپارتییەوە نزیکە؟**

– ئەوەش یەکێك لەو شایعاتانەیە کە نەیارانی حیزبی دیموکرات پێکیان هێناوە، دوور لەوەی کە ئێمە وەکو تاك چ لایەنێکمان خۆش دەوێ یا خۆش ناوێ، من لەپێش هەموو شتێك کادری حیزبی دیموکرات و سکرتێری حیزبی دیموکراتم کەوابوو حیزبی دیموکراتم لەهەموو حیزبەکانی دیکە خۆشتر دەوێ. دوای ئەوە ئێمە لەحیزبی دیموکراتدا سیاسەتێکمان هەیە کە لەمێژەو لەزەمانی د.قاسملودا داڕێژراوە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ لەکوردستانی عێراقدا هاوسەنگی و تەعادولێك لەنێو هێزە کوردییە عێراقییەکان و بەتایبەتی دوو هێزە سەرەکییەکە یەکێتی و پارتی پێکبێنین، یەعنی ئێمە بەپێچەوانەی ئەو شایعاتانەی کە دووبارە پێموابێ ئەویش لەلایەن نەیارانی حیزبی دیموکراتەوە هاتووە ئێمە وەکو ڕێبەرایەتی تازەمان و من وەکو سکرتێری حیزب لەو باوەڕەدام کە ئەگەر تەعادولەکە تێکچووە دەمانەوێ ئەو تەعادولە بەرقەرار بێ، یەکێتی و پارتی هەردووکیان بۆ ئێمە دوو حیزبی بران و پەیوەندی زۆر باشمان لەگەڵ هەردووکیان هەیەو دەمانەوێ ئەو پەیوەندییە هەر بەو شێوەیە بپارێزین و بیبەینە پێشێ، نەك لایەنێك هەڵبژێرین دژی لایەنێکی دیکە. تەنانەت لەو کاتەدا کە شەڕی نێوخۆیی لەکوردستانی عێراقدا هەبوو و دوژمنایەتی یەکێتی و پارتی لەوپەڕی خۆی دابوو دوژمنانمان زۆر هەوڵیاندا ئێمە بەلایەکدا بکەن، بەڵام سیاسەتی دروست و ئسوڵی حیزبی دیموکرات ئێمەی لەنوقتەیەکدا ڕاگرت کە بتوانین دەگەڵ هەردوولا پەیوەندی دۆستانەمان هەبێ و ئەگەر بکرێ قسەی خێریان لەنێواندا بکەین بۆ ڕاگرتنی شەڕو کۆتایی هێنان بەبراکوژی. بەپێچەوانەوە ئێمە بەهیچ لایەکدا ناکەوین و لەسەر هەموو مەسەلەیەك هەڵوێستی خۆمان هەیەو دەمانەوێ ئەو تەعادولەی بەینی ئەو دوو حیزبە بپارێزین و دۆستایەتی و پەیوەندیمان لەگەڵ هەردوولایان بپارێزین، چونکە لەهەردوولا ئێمە کەمپی پێشمەرگەو خەڵکمان هەیەو ئیشوکارمان هەیەو بێجگە لەوە لەباری سیاسیەوەش ئسولەن لەسەر ئەو باوەڕە نین کە دەبێ لایەك دژی لایەکی دیکە هەڵبژێرین.

*** مەبەستت لە دوژمنان ڕژێمی سەددام و ئێران بوو کە دەتگوت لەکاتی شەڕی براکوژی نێوان پارتی و یەکێتیدا هەوڵیاندەدا پشتیوانی لایەك دژی لایەکی دیکە بکەن؟**

– بەڵێ، حکومەتی سەددام حوسێن زۆر حەوڵی دەدا لەو بارەوە کە هەر جارێ بەقەوڵی خۆیان دیفاعیان لەلایەك دەکرد پێیان باشبوو ئێمەش لەگەڵ ئەو لایە بین دژی لایەنەکەی دیکە. لەو پێوەندییەدا کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەتایبەتی زۆر حەوڵی دەداو زۆر درۆی سازدەکرد کە حیزبی دیموکرات هێزەکانی خۆی دەئیختیاری فلان هێز ناوە دژی هێزەکەی دیکەی و بەدرۆ دەیگوت کە کەسێکی حیزبی دیموکرات لە فلان شەڕدا کوژراوە، بەڵام بەخۆشییەوە هەموو هەوڵەکانی حکومەتی سەددام و کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بوونەوەو سەریان نەگرت.

*** ئایا پارتی و یەکێتی یارمەتی دارایی حیزبەکەتان نادەن؟**

– ئێستا نەخێر هیچ کامیان بەهیچ جۆرێك یارمەتی دارایی ئێمە نادەن و هیچ بودجەیەك لەو دوو حیزبە بەحیزبی دیموکرات نادرێ. بەڵام ئێمە لەهەردوولا کەمپمان هەیەو کاری ئاوەدانی و ئیداریمان هەیە لەو بارەوە هەردوولا هاوکاری زۆر باشمان دەگەڵ دەکەن.

*** بۆچی، ئێوە داوای یارمەتی داراییتان لێنەکردوون؟**

– بەڵێ ئێمەش داوامان کردووە، بەڵام نەیانداوە.

*** ماوەیەك پێش ئێستا مەسەلەی لێك نزیکبوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر گەرم بوو، ئەو مەسەلەیە گەیشتۆتە کوێ؟**

– یەکێك لەهۆیەکانی درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لێك دووری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە، بۆیە لەو ڕووەوە هەستمان بەوە کردووە کە ئەوەندەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەدەوری یەك کۆببنەوە دەتوانن عومری کۆماری ئیسلامی کورتر بکەنەوە، لەبەر ئەوە هەم لەڕاستای هێزەکانی سەراسەری ئێران و هەم لەڕاستای هێزەکانی کوردی کوردستانی ئێراندا هەوڵ و تێکۆشانی زۆرمانداوە بۆ ئەوەی نەوعە یەکگرتن و پلاتفۆرمێك پێکبێنین و بتوانین لەسەر خاڵە هاوبەشەکان هاوکاری بکەین، ئێمە لەو پەیوەندییەدا لەگەڵ هێزە سەراسەرییەکانی ئێراندا توانیومانە جۆرە پلاتفۆرمێك لەگەڵ چەند هێزێك پێکبێنین و ئێستا لەگەڵ هێزەکانی دیکەش لەگفتوگۆ داین بۆ فراوانتر کردن و پەرەپێدانی ئەو یەکگرتنە. لەپەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش ئەوە چوار پێنج ساڵە کاری بۆ دەکەین، ئەو کاتی کە کۆمەڵە وەکو حیزبێکی یەکگرتوو بوو و هێشتا جودانەببوونەوە لەو دەمیەوە ئێمە کاریان دەگەڵ دەکەین بۆ ئەوەی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تەجروبە تاڵەی کە لەڕابردوودا لەگەڵ کۆمەڵەدا بوومانە لەکوردستانی ئێراندا لەئاڵوگۆڕەکانی کە پێمانوایە دێنە پێشێ لەئێران جارێکی دیکە ئەو تەجروبە تاڵانە دووبارە نەبنەوە بەوەی کە جۆرە یەکگرتن و هەماهەنگییەك هەبێ بۆ ئیدارەکردنی حکومەتی کوردستانی ئێران تا ئەو کاتەی کە فرسەتی ئەوە دێتە پێشێ کە خەڵکەکە بەڕێگای نوێنەرایەتی خۆیان لەپارلمان قانوون دابڕێژن و حکومەتی خۆیان هەڵبژێرن. لەو پەیوەندییەدا هێندێك چووینەتە پێش، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هێندێك خاڵی ئیختیلافیشمان ماوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو پرۆسەیە ماوەیەکە لەبەر ئەوەی هەم ئێمە کۆنگرەمان لەپێش بوو و هەم ئەوانیش کۆنگرەیان هەبوو ڕاوەستاوە، بەڵام هیوادارم لەئایندەدا دەستی پێبکەینەوە بەڵکو بتوانین ئەو خاڵانەی کە ناتەبایین لەسەریان ئەوانیش حەل بکەین.

*** لەسەر چی ناتەبان؟**

– وەڵڵا مەسەلەیەك کە زۆرتر لەسەری ناتەباین جێگەی حیزبی دیموکرات و ئەو هێزانەیە کە لەنێو جوڵانەوەی کوردو کوردستانی ئێران دان. ئێمە پێمانوایە کە لەهەر جۆرە یەکگرتن و پلاتفۆرمێکدا هەر حیزبێك دەبێ بەپێی جێگەو توانای لەنێو جەماوەردا دەبێ لەو پلاتفۆرمەدا دەنگی هەبێ. لەسەر ئەو خاڵە هێشتا بەنەتیجە نەگەیشتیووین.

*** بۆچی لەو پلاتفۆرمەدا حیزبی دیموکراتیش هەر ئەندامێك نابێ. دەتانەوێ چ بن لەو پلاتفۆرمەدا؟**

– نا.. ئێمە پێمانوایەو مەعمولەن لەدونیاش دا هەروایە، کاتێك ئیتیلافێك لەکۆمەڵە هێزێك پێکدێ، هەر هێزەی بەپێی توانای خۆی دەنگی دەبێ تیایدا. بۆ نمونە لەپلاتفۆرمێکدا هێزێك کە ئەکسەرییەی دەنگی هەیە دەگەڵ هێزێکی دیکەدا کە کەمترە وەك یەك نییە. یان مەسەلەن ئەگەر سبەینێ لەکوردستانی عێراقدا بەرەیەك پێکبێ لەهێزەکانی کوردستانی عێراق بێگومان یەکێتی و پارتی هەر فەرق و جیاوازییان دەبێ لەگەڵ هێزێکی دیکە کە دەسەڵات و جێی پێی زۆر کەمتری هەیە. ئەگەر ئەوە نەبێ لە هەر ئیتیلافێکدا نەوعێك بێ عەداڵەتی دەبێ، بۆیە ئێمە دەمانەوێ ئەو مەسەلانە پێشتر حەل بکەین.

*** ڕژێمی ئێران لەو ماوەی ڕابردوودا بەردەوام هەوڵی ئەنجامدانی گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی**

بۆ ل١١

بەکردەیی شەڕی چەکداریمان ڕاگرتووەو زیاتر بایەخ بەڕێکخستن و خەباتی دیپلۆماسی دەدەین.

بەهۆی گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکان دروشمی خۆمان کردە فیدرالی نەك بە فشاری خەڵك

**کوردستان داوە، دوای کۆنگرە هیچ هەوڵێکی دیکەی لەگەڵ ئێوە داوە؟**

– بەڵێ لەدوای کۆنگرە لەدوو سێ کەناڵی موعتەبەرەوە کە پێویست ناکا ناویان بێنم ئەو هەوڵانەی دووبارە کردوونەتەوە. دیارە کۆماری ئیسلامی ئەوە زیاتر بۆ مەسەلەی تەبلیغاتی دەکا نەك جیددی. کۆماری ئیسلامی پێویستی بەوە هەیە کە لەنێو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو لەئوروپا وانیشانبدات کە ئەوان ئامادەن بۆ وتوێژکردنو چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی و بەتایبەت مەسەلەی کورد لەکوردستانی ئێرانو دەیەوێ ئەوە بخاتە سەر حیزبی دیموکراتو هێزەکانی دیکەی کوردی ئێران کە بڵێ ئەوان ئامادەنین. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێمە گەورەترین سەرمایەمان کە د.قاسملو بوو لەوتوێژ کردن دا لەدەستدا. چونکە ئێمە هێزێکین برومان بەوتوێژ هەیەو لەو باوەڕەداین کە هەموو شەڕو خوێنرێژیەك لەکۆتاییدا دەبێ بەوتوێژ چارەسەر بکرێ بەتایبەت مافی نەتەوەکانی نێوخۆی ئێران. لەو چوارچێوەیەشدا ئێمە هەنگاوی خۆمان ناوە، بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر باوەڕی بەمافی نەتەوە نییە تاکو لەو پێوەندییەدا بیەوێ وتوێژێکی جیددی بکا. هەر کاتێك کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو مەسەلەیەی مەترەح کردووەو ئێمە بەپێشوازییەوە چووین کەدیتویەتی ئێمە تێیدا جیددین ئەوان پاشەکشێیان کردووە، ئێمە چەندین نمونەی ئاوامان هەیە. لەکۆنگرەش جارێکی دیکە باسمان کردووەتەوەو تەئکیدمان لەسەر کردووەتەوە کە ئێمە ئامادەین وتوێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین دەگەڵ ئەوەدا کە ماهییەتی دەناسینو دەزانین کە حکومەتێکی وانییە کە بتوانێ مافی نەتەوەکانی ئێرانو یەك لەوان مافی نەتەوەی کورد بدات. بەڵام بەپێی پرەنسیپی باوەڕ بوونمان بەوتوێژ رەتمان نەکردووەتەوە، بەڵام باسی ئەوەشمان کردووە بەدەلیلی ئەوەی ئێمە رابردوویەکی تاڵمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە ئەوەڵەن وتوێژەکە دەبێ لەژێر چاودێری وڵاتێکی دۆستی ئوروپای یان نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەبچێ. هەروەها وتوێژێك بێ لەسەر مافی نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێران نەك لەسەر کارو کردەوەکانی رابردوو، بێجگە لەوە وتوێژەکەش ئاشکرابێ، باشە حکومەتێك کە بیەوێ مافی نەتەوەیەك بداو کێشەکەی چارەسەر بکا ئەوە جێگەی شانازییە بۆ حکومەتەکە ئینجا بۆچی بیشارێتەوەو بەنهێنی بیکا، ئینجا کە ئێمە لەوتوێژی نهێنی زەرەرێکی زۆرمان کردووە پێمان خۆش نییە جارێکی دیکە دووپاتی بکەینەوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادەبێ بەو پرەنسیپانە وتوێژ بکا ئێمە ئامادەین. بەڵام تاوەکو ئێستا کە بەکەناڵی جۆراوجۆردا پەیام دەدا بۆ وتوێژ ئامادە نەبووە بەو پرەنسیپانە وتوێژ بکا.

*** لەو بارەوە بیروڕایەکی واهەیە کە دەڵێ گفتوگۆ کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بەدواکەوتنی کڵاوی باْبردووە، بیروڕاتان لەبارەی ئەو بۆچوونە چییە؟**

– وەڵڵا ئێمە وەکو حیزبێکی سیاسی هیچ شتێك بەموتلەق نابینین، دەگەڵ ئەوەی بیروڕای خۆمان لەسەر کۆماری ئیسلامی لەپەیوەندی لەگەڵ وتوێژ کردندا عەرزکردی، بەڵام دیسان ئەوە نییە کە بەشێوەیەکی موتلەق رەتی بکەینەوە، چونکە من پێموایە حیزبێکی سیاسی دیموکرات بەهیچ جۆر ناکرێ وتوێژ رەتبکاتەوە چونکە ئەوە لەدونیادا پەسەند نییە، بەڵکو دەبێ واردی ئیشەکە ببی با تەرەفەکە نەشیکات بۆ ئەوەی هەر کەس لێی روونبێ کە ئەو درۆ دەکا.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ موجاهدینی خەلق هەروەکو پێشترە یان گۆڕانی تێکەوتووە؟**

– وەڵڵا لەمێژساڵە پەیوەندیمان لەگەڵ موجاهدینی خەلق قەتع بووە، بەدوای ئاڵوگۆڕەکانی عێراقو هاتنە پێشی ئەو گیروگرفتانە بۆ موجاهدینی خەلقیش هیچ پەیوەندیو دانیشتنمان لەگەڵیاندا نەبووە. لەساڵەکانی ١٣٥٩و ١٣٦٠ هەتاویدا (١٩٨٠و ١٩٨١ی زایینی) ئەو دەمەی کە موجاهدین لەئێران هاتە دەرێ بەرەیەك پێکهات بەناوی شورای میللی موقاوەمەتو ئێمەش ئەندامێکی ئەو شورایە بووین، لەوێدا لەسەر ئیسراری ئێمە تەرحێك پەسەند کرا کە تیایدا خودموختاری بەڕەسمی ناسرا بۆ کورد. ئەوکات شۆرای میللی بێجگە لە موجاهدینو ئێمە چەند هێزێکی سیاسی دیکەشی تێدا بەشدار بوو، بەڵام ئێمە بەپێی ناسیارییەك کە لەموجاهدین هەمانە لەو باوەڕەدانین کە موجاهدین بەدڵ ئەو مەسەلەیەی پەسەند کردبێو بڕوای پێی هەبێ چونکە لەواقعدا موجاهدین هێزێکی هێژموونی تەڵەبەو بێجگە لەخۆیان کەسی دیکە نابینن، بەڵام ئەو دەمی زەروورەتەکە وابوو کوردستان بەرەیەکی شەڕ بوو، حیزبی دیموکراتو هێزەکانی دیکەی کوردی موقاوەمەتیان دەکرد خوێنیان دەداو موجاهدینیش جێ پێییەکەیان بەشێکی زۆری لەناو کوردستاندا بوو بۆیە ئەو تەرحە ئەو دەمی پەسەند کرا.

*** ماوەیەك پێش کۆنگرەو دوای ئاشکرا بوونی کوشتنی ئەو ٧ کادرەی ئێوە کە بەپێی راگەیێندراوەکان لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی درابوونەوە دەست ئێران، ئێوە یادداشتیکتان بۆ لێپچینەوە کردن لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی دابووە پارتیو یەکێتیو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، ئەنجامی ئەو یادداشتە بە چ گەیشتو چی نوێ لەو بارەوە هەیە؟**

– راستە ئێمە ئەو داوایەمان لە هەردوو حکومەتی هەردوو بەشە کوردستان کرد راستییەکەی بەشێوەیەکی رەسمی ئێمە هیچ کاردانەوەیەکمان نەدیت لەپەیوەندی لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئەو داخوازەی ئێمە. بەڵام ئایا بۆ خۆیان ئەو مەسەلەیان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی هێناوەتە گۆڕێ لەو بارەوە هیچ ئاگادارییەکمان نییەو پێموا بێ هەنگاوێکی ئەوتۆ لەو بارەوە نەنراوە، بەڵام بێگومان ئێمە لەو مەسەلەیە بێدەنگ نابینو ئەوەندەی بۆمان دەکرێ داوادەکەینو مە ترەحی دەکەین لە هەموو بۆنەو مەراسیمێکدا، بەڵام بێگومان بەشێوەی سیاسی.

*** بزووتنەوەی ئیسلامیش هیچ وەڵامێکی نەبووە بۆ ئێوە؟**

– نەخێر بزووتنەوەی ئیسلامی تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو مەسەلەیە نەبووە.

*** ئێوە بەردەوام باس لە دەستهەبوونی رژێمی ئێران لەکارە تیرۆریستیو تەقینەوەکانی عێراقو باشووری کوردستاندا دەکەن، لەو بارەوە بەڵگەو زانیاری تەواوتان لەبەردەستدا هەیە؟**

–ئێمە زانیاری زۆر وردمان لەبەردەستدایە لەبارەی ئەو ئەفرادانەی ئەلقاعیدەو ئەنساری ئیسلام کە شوێنیان هەیە لەئێرانو، ئێران ئەوانە لەوێ پەروەردە دەکاو دوایی دەیانێرێتە عێراق بۆ کاری خراپەکاری، ئێمە لەو بارەوە ئاگادارینو زانیاری دەقیقمان هەیە. بێجگە لەوە خۆ ئەو کەسانەی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گیراون ئاشکرایان کردووە کە ئەوان ئێرانینو لەلایەن ئێرانەوە نێردراونو هەتا مەسەلەی چەكو تەقەمەنیشیان لەلایەن ئێرانەوە دابین کراوە. ئێران بەشێوەیەکی فیکریو ئیدیۆلۆژی ئەو کارە دەکا. هەروەك چۆن یارمەتی حیزب الله دەدا لە فەلەستین لێرەش یارمەتی ئەو هێزانە دەدا کە ئاژاوە لەعێراق دا فراوان دەکەنو رێگە لەپەیدا بوونی ئارامی دەگرن.